
یادێک لە شەهید عەلی کاشف پوور
Biranina Eli kasifpur
٣٠
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

# پێڕست

١- تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ بە سەر تیرۆری ناجوامێرانەی شەهید عەلی کاشفپوور ........... ماڵپەڕی شەهید ........... ٣
٢- ڕا و بۆچوونی کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی حیزبی بە بۆنەی ٢٨ مین ساڵی تێرۆری کاک عەلی کاشفپوور ئەندامی ڕێبەریی حیزب ........................ ئامادەکار: کاووس عەزیزی ......................................................... ٦
سلێمان کەلەشی ............................................................................................ ٩
فەتتاح سەعیدی ............................................................................................ ١١
مەجید حەقی ............................................................................................ ١٢
جەعفەر مەحمووەدپوور ............................................................................................ ١٤
فەرهاد میرۆزادە ............................................................................................ ١٦
ئەنوەر کۆهەنساڵ ............................................................................................ ١٧
٣- یادێک لە عەلی کاشفپوور، لە ٢٣ ساڵەی شەهید بوونیدا ........................... ڕەحیم محەممەدزادە .......... ١٩
٤- یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری تێکۆشەری گەورەی گەلەکەمان هاوڕێ عەلی کاشفپور ................. ن: شەهاب ........ ٢٢
٥- بیست و نۆ ساڵ بە سەر تێرۆری شەهید عەلی کاشف پوور ........... بنەماڵەی شەهید عەلی کاشف پوور ...... ٢٥
٦- یادێک لە شەهیدی نەمر کاک (عەلی کاشفپوور) ........................................ شۆڕش ئەسەدزادە ......... ٢٦
٧- گرامی باد یاد رفیق و دوست شهیدم کاک علی کاشفپور ........................................ نادعلی کهریز ..... ٢٨

Biranina 27 saliya terorkirina têkoşerê azadiyê, şehîd Elî Kaşifpûr.... 31
Zarukên Elî bi wan gotinan babê xwe bi bîr tînin ................................ 32
Bîranîna şehîd Elî 2015 ..................................................................... 34
Em babê xwe şehîd Elî Kaşifpûr bi bîr tînin ......................................... 35
Bîranîna şehîd Elî 24 ......................................................................... 37
Ji bo salroja Elî ................................................................................ 38
30emin salwegera terora şehîd Elî ......................................................... 40
Sipasname ....................................................................................... 41

بەشێک لە ئالبۆمی وێنەکان ..................................................................... ٣٤

## تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ بە سەر تیرۆری ناجوامێرانەی شەهید عەلی کاشفپوور




٢٤ی گەلاوێژ بەرامبەر بە ١٥ی ئاگوستی ٢٠١٠، بیست ساڵ بە سەر تیرۆری پێشمەرگەی قارەمان و ئەندامی لێوەشاوەی رێبەریی حیزبەکەمان شەهید عەلی کاشفپوور بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ دەبێ. بیست ساڵ لەوە پێش لە وەها رۆژێک دا شەهید عەلی کاشف پوور کە بە سەردانێک لە وڵاتی تورکیا بوو، کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانی لە دەست دا.

عەلی کاشفپور ساڵی 1957 لە گوندی پیرانجیک لە ناوچەی ورمێ لە دایک بوو، هێشتا منداڵ بوو کە بنەماڵەکەیان لەو ئاواییە کۆچیان کرد و لە گوندی هۆوەسنێ سەر بە شاری ورمێ گیرسانەوە.

عەلی خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو کرد و بۆ درێژەدانی خوێندن چوو بۆ ورمێ و هەتا وەرگرتنی دیپلۆم هەر لەو شارە درێژەی بە خوێندن دا. پاش وەرگرتنی دیپلۆم لە کۆنکووری سەرتاسەری بەشداری کرد و لە زانستگای تەورێز لە بەشی کۆمەڵناسی قبووڵ بوو. بەڵام ئەو نەیدەویست لەو بوارەدا خوێندنەکەی درێژە پێبدا و هەر بۆیە دوای ساڵێک سەرلەنوێ بەشداری کۆنکوری سەرتاسەری کرد و لە بەشی حقوقی سیاسیی زانستگای تاران وەرگیرا. ماوەی چوار ساڵ بوو کە لە زانستگای تاران درێژەی بە خوێندنەکەی دەدا کە، ساڵی 1978 سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران دژی رژێمی پاشایەتی دەستی پێکرد. عەلی وەک هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەر کە تێکەڵاوی ئێش و ئازاری کۆمەڵانی خەڵک بوو و هەستی بە چەوسانەوە دەکرد، زۆر چالاکانە بەشداری خۆپێشاندانەکانی کرد و خەڵکی دژی رژێم هاندەدا، بەم هۆیەشەوە چەندین جار لە لایەن کاربەدەستانی ساواک بە تاوانی بوونی هەستی کوردایەتی و هاندانی خەڵک بۆ بەشداریی لەو خۆپیشاندانانە خرایە نێو سیاچاڵەکانی رژێمی گەندەڵی پاشایەتی. بەڵام عەلی کاشف پوور لەو کەسانە بوو کە نە تەنیا زەبر و زەنگ و ئازار و ئەشکەنجە بە چۆکی دا نەهێنا، بەڵکوو ئەو ئازار و ئەشکەنجانە بوونە هەوێنی خۆراگری و بەربەرەکانی لە بەرامبەر دەسەڵاتی پاشایەتی و دەزگا سەرکوتکەرەکەی ساواک.

بە دوای رووخانی رژیمی پاشایەتی، کاک عەلی کاشفپور وەک هەموو تێکۆشەر و کوردێکی دڵسۆز و بە لە بەرچاو گرتنی ئەو هەموو زوڵم و زۆرێی کە لە زەمانی دەسەڵاتداری شا و ساواک بە سەر کوردیان هێنابوو، بڕیاری دا کە بۆ درێژە دان بە خەبات و وەدەست هێنانی ماڤی رەوای گەلەکەی و رزگاری کورد لە چەوسانەوە ببێتە ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان.
ساڵی 1978 وەک زۆربەی شۆڕشگێڕانی کورد لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کرد و بە هەموو توانـاوە هەوڵی بۆ وەدیهـاتنی ئامانجەکـانی خۆی و گەلەکەی لە ریزەکـانی ئەم حیـزبەدا دەست پێکرد. لـەو رێگایـەش دا بە شـاهیدی هـەموو ئەوانەی دەیانناسی یەکێک لە باشترین، بە ئەمەگترین، دڵسۆزترین و سادقترین ئەنـدامی حیزب بـوو لـە ناوچەی ورمێ و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش دا بە خۆشنێو و تێکۆشەرێکی دڵسۆزی کورد نێو بانگی دەرکرد و بوو بە جێگـای بـاوەر و متمانـەی خەڵک. زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتی و ناوخۆیەکانی خەڵکی ناوچەکەی بە بیر و هزرێکی شۆڕشگێڕانەوە چارەسەر دەکرد. کاک عەلی لە ماوەیەکی کورت دا توانی کۆمەڵێکی بـەرچاو لـە خـەڵکی ناوچـە بێنێتـە نێـو رێـزی حیزبـی دیمکراتـی کوردسـتان و هەستی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانپەروەری لە نێو خەڵک دا پەرە پێ بدا .

کاک عەلی کاشفپور، سەرەڕای ئەوەی کە لە باری سیاسیەوە کادرێکی بە ئەزموون و لێهاتوو بوو، پێشمەرگەیەکی قـارەمـانی مەیدانـەکانی شـەڕ بـە دژی دوژمنـانی ئـازادی و کۆنەپەرەستی بـوو. ئەو هیچ کـات ئیجـازەی بـە خـۆی نـەدەدا مەسـئولییەت بەرچاوی بگرێ و بە شێوەیەکی غەڵەت کەڵکی لێوەربگرێ. هەمیشە خۆی بە چووکترین پێشمەرگە و خزمەتگوزاری خەڵک و پێشمەرگە دادەنا. هەر ئەو ئاکار و کردەوە بەرزانە بوو کە هیمایەکی شۆڕشگێڕانەی بە کاک عەلی بەخشیبوو و هەموو کەس لە گەورە و چووکەوە رێز و ئیحتڕامی تایبەتیان بۆ دادەنا.

ساڵی 1979 لە کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لـە شـاری مەهاباد بـەرێوە چـوو، کـاک عـەلی بـە هـۆی لێهاتوویی و لێزانی و هەست و بیری شۆڕشگێڕانەی، بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دوای گەڕانەوەی بـۆ ناوچـەی شیمالی کوردسـتان چالاکانـەتر لـە جـاران کـار و ئەرکـەکانی پێئەسـپێردراوی کـۆنگرەی 4ی بەوپـەڕی ئیمـان و لەخۆبوردووییەوە بەرێوە دەبرد و رۆژ لە دوای رۆژ تێکۆشانی حیزب لە ناوچەکە دا پەرەی دەستاند. هەربۆیەش داگیرکـەرانی کوردستان بە هەموو شێوەیەکی لێی دەخەفتان تا زەفەری پێبەرن. کاتێک شەهید عەلی کاشف پوور و هاوڕێکانی لە گوندی "ئاخچە قەلعە"ی ورمێ مابوونەوە، فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی دوژمن عەلی و هاوڕێکانی بۆردمـان کـرد و لە ئەنجـام دا کـاک عەلی کاشفپور بریندار بوو. بەڵام بە خۆشێوە زۆری نەخایاند کە برینەکەی چاک بۆوە و نەتـەنیا ورەی دانەبـەزی، بـەڵکوو دڵخۆشکەر و هاندەری کادر و پێشمەرگەکانیش بـوو کـە لـە سـەر کارەکـانی خۆیـان سـوور بـن و ئەرکـەکانی خۆیـان بـە باشـی بەڕێوە بەرن.

ساڵی 1981 لە کۆنگرەی پێنجی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کاک عەلی بە کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و

بەرپرسایەتی فێرگەی سیاسی حیزبی لە ناوچەی ورمێی پێ ئەسپێردرا. ئەو زۆر بە باشی ئەرکی پێ ئەسپێردراوی خۆی بەڕێوە دەبرد و زۆر کەس لە ژێر چاوەدێری و مامۆستایەتی ئەو دا پەروەردە بوون و لە نێو حیزب دا پێگەیشتن.

کاک عەلی ساڵی 1987 لە لایەن حیزبەوە ناردرا بۆ فەرانسە و بۆ ماوەی مانگێک لەوێ مایەوە. ئەو کە قاڵبووی کوورەی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ زوڵم و زۆر و چەوسانەوە بوو، لە فەرانسەش وچانی نەداو لە خۆپێشاندانەکانی دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی چالاکانە بەشداری دەکرد. بەڵام لە سەر پێداگریی خۆی هەر زوو گەڕایەوە بۆ کوردستان و بۆ ناو کۆڕی هاوڕێیانی. ئەو زۆر جار لە بابەت ئەو سەفەرە و گەڕانەوەکەی دەیگووت: بستێک خاکی کوردستان، هەموو ئورووپا دێنێ و ژیانی پێشمەرگایەتیش، گەورەترین شانازییە کە بە نسیبی هەموو کەس نابێ.

کاک عەلی کاشفپور پاش لێکترازانی ریزەکانی حیزبەکەمان لە دوای کۆنگرەی هەشت، لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - رێبەرایەتیی شۆرشگێڕی ئەو کات دا درێژەی بە کار و تێکۆشانی سیاسی و حیزبی خۆی دا و سەرلەنوێ بەرپرسی شیمالی کوردستانی وەئەستۆ گرتەوە و هەر وەک جاران بە ئیمانەوە درێژەی بە کار و باری سیاسی و نیزامی لە ناوچە دا.

ساڵی 1990 بنەماڵەکەی کە ماوەیەک بوو ئاوارەی وڵاتی تورکیا ببوون، تووشی گرفتی بنەماڵەیی بوونەوە و رێبەرایەتی حیزب داوای لێکرد کە بە هانای بنەماڵەکەیەوە بچێ و لەو گرفتە رزگاریان بکا. شەهید عەلی ئەگەرچی رازی نەدەبوو هاوڕێکانی بە جێ بێڵێ بەڵام لە سەر پێداگریی حیزب بریاری دا کە بچێ و رزگاریان بکا و بە زوویی بگەڕێتەوە. دوای ماوەیەک کە دوژمنی بەدفەڕ هەمیشە لە هەلێک دەگەڕێ بۆ زەربە وەشاندن لە قارەمانانی کورد، بە هۆی جاش و سیخوڕەکانیەوە لە بوونی عەلی ئاگادار دەبێ.

بەداخەوە شەوی ١٦ی ئاگۆستی ١٩٩٠ی زایینی لە شاری قۆنیە ٣ کەس بە جل و بەرگی پۆلیسی تورکیا دەچنە ماڵە کاک عەلی و بە زۆر لە ماڵی دێننە دەر و لە پێش چاوی ژن و منداڵی بە لێدان و راکێشان دەگەڵ خۆیان دەیبەن. دوای ماوەیەک بە دەست و چاوی بەستراوی و لە حاڵێکدا کە لەشی لە ژێر شکەنجەو ئازار دا شێوا بوو، تەرمەکەی لە سەر جادەی قۆنیە - ئانکارا دۆزرایەوە. ئەو کردەوە درندانەیە کە لە لایەن تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بێگومان بە هاوکاری میتی تورکی بەڕێوە چوو، خەسارێکی گەورە بوو لە جووڵانەوەی کورد بە تایبەتی شیمالی کوردستان.

سڵاو یاد و بیرەوەریی شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان شەهید عەلی کاشف پوور و هەموو شەهیدانی کوردستان

بیوگرافی شەهید عەلی لە ماڵپەڕی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرگیراوە.

١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٠

# ڕا و بۆچوونی کۆمهڵێک له هاوڕێیانی حیزبی به بۆنهی ۲۸ مین ساڵی تیرۆری کاک عهلی کاشفپوور ئهندامی ڕێبهریی حیزب



ئامادەکار: کاووس عەزیزی

خوێنەری هێژا، دیرۆکی نەتەوەکەمان پڕە لە مرۆڤی خەباتکار و گیانفیدای گەلەکەی کە بەشێکیان دوای دەیان ساڵ خەبات و بەساڵاچوونەوە کۆچی دواییان کردووە

و ئاواتی ئازادیی گەلەکەیان لەگەڵ خۆیان بردۆتەوە ژێر گڵ و بەشێکیشیان ڕۆژگارێکی سەخت خەباتیان کردووە و هەرکامەی بە جۆرێک لە لایەن داگیرکەران و دوژمنانەوە شەهید کراون کە کاک عەلی کاشفپوور یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کەلە تەمەنی لاوی و لەوپەڕی چالاکیی نەتەوەیی دا شەوی ١٥ لە سەر ١٦ی ئاگۆستی ١٩٩٠ لە شاری قونیای تورکەی کەوتە بەر دەستدرێژی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کرا کە ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بوو. تا ڕۆژی شەهید بوونی کاک عەلی ماوەی ٩ ساڵ ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوو .

عەلی کاشفپوور لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەیەکی کەم دا بووە بە یەکێک لە سێ کەسایەتییە دیارەکانی ئەوکاتی حیزب لە دەڤەری شیمالی کوردستان کە خاوەن باندۆر و قورسایی سیاسی و بەرپرسایەتیی حیزبی بوون.

کەسایەتیەک لەو کەسایەتیانە ڕەوانشاد سەننار مامەدی بوو کە: کوڕی مرۆڤێکی ناسراو و خاوەن مڵک و ماڵێکی زۆر کە مەرحوومی حاجی قوتاز مامەدی بوو. باوکی سەننار ئەندامی یەکەمین کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و لە سەردەمی کۆماری

کوردستان دا ڕۆڵێکی دیاری هه‌بوو. بنه‌ماڵه‌یه‌کی ده‌ست ڕۆیشتووی دیاری ناوچه بوون. سه‌ننار ده‌یان ساڵ خه‌باتی کردبوو، هه‌م له شاخ و هه‌م له زیندوو کردنه‌وه‌ی حیزب له دوای کۆماری کوردستان، هه‌م یه‌کێک له‌و که‌سانه بوو که به خیانه‌تی ناوخۆ و به برینداری ته‌سلیمی ڕێژیمی شاهه‌نشاهی کرابوو و تا سه‌رکه‌وتنی انقلابی ١٣٥٧ هه‌ر له زیندان دامابووه و ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی بوو.

که‌سایه‌تییه‌کی دیکه‌ی ئه‌و ده‌ڤه‌ره که هه‌ر زوو ناوبانگی ده‌رکرد و ڕۆڵێکی کاریگه‌ری هه‌بوو مهندس جه‌هانگیر ئیسماعیل زاده بوو. ئه‌ویش له بنه‌ماڵه‌ی ناسراوی ئیسماعیل زاده بوو که له چه‌ندین شۆڕشی نه‌ته‌وایه‌تیی دا ڕۆڵ و باندۆریان هه‌بووه و به‌تایبه‌تی له حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستان دا. بنه‌ماڵه‌یه‌ک که نیزیک به نیوه‌ی ده‌شتی سۆما زه‌وی و زاری ئه‌وانه و ده‌یان گوندی گه‌وره و بچووکیان هه‌یه. بنه‌ماڵه‌یه‌کی پاک له بواری نه‌ته‌وایه‌تی و جڤاکی یه‌وه. مهندس جه‌هانگیر ئه‌وکات ته‌نیا کادری حیزب له‌و ده‌ڤه‌ره بوو که هه‌م زانکۆی ته‌واو کردبوو، هه‌م ئه‌زموونی چه‌ندین ساڵ کارمه‌ندی و ئه‌رکی له بواری خوێندنه‌که‌ی دا هه‌بوو. ئه‌و زۆر زوو توانیبوو ببێته‌وه به‌رپرسێکی دیار و جێکه‌وتووی حیزب.

که‌سایه‌تیی گه‌نج و پڕکاری عه‌لی کاشفپوور له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که‌له بنه‌ماڵه‌یه‌کی مام ناوه‌ندی دا هاتبووه دونیا، به‌ڵام بنه‌ماڵه‌که‌یان به گوێره‌ی ئه‌وکات بنه‌ماڵه‌یه‌کی ڕۆشنبیر و خوێنده‌وار بوون. کاک عه‌لی ساڵی ٣ی زانکۆ بوو له تاران و حقووقی ده‌خوێند. له‌گه‌ڵ سه‌رکه‌وتنی ڕاپه‌ڕینی گه‌لانی ئێران و ده‌ستپێکی خه‌باتی ئاشکرای حیزب له سه‌رانسه‌ری کوردستان و به‌تایبه‌تی شیمالی کوردستان، زانکۆی گۆڕی به سه‌نگه‌ری پێشمه‌رگایه‌تی و وه‌ک گه‌نجێکی خوێنده‌وار دێته مه‌یدان و هه‌ر زوو سرنجی خه‌ڵک و هاوڕێیانی بۆ لای مه‌تانه‌ت و دڵسۆزی و پڕکاریی خۆی ڕاده‌کێشێ.

عه‌لی کاشفپوور به‌و تایبه‌تمه‌ندیانه‌ی که هه‌یبوو توانی ببێته‌وه یه‌کێک له سێ که‌سایه‌تیی دیاری ئه‌وکاتی حیزب له شیمالی کوردستان، بۆیه له کۆنگره‌ی پێنجه‌می حیزب دا که‌له ساڵی ١٩٨١ ده‌گیرێ، له سه‌ر داوای ڕێبه‌ری زانا دوکتور قاسملوو کاندیدی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی ده‌بێ و ده‌بێته‌وه ئه‌ندامی ڕێبه‌ریی حیزب. ئه‌وه‌ش ده‌بێته هۆکاری ئه‌وه‌ی که ئیدی کاک عه‌لی له گه‌نجێکی که‌م ئه‌زموون  به‌ڵام خوێنده‌وار و به‌توانا‌وه ده‌بێته‌وه ڕێبه‌رێک و کاریگه‌ریی زیاتری ده‌بێ تا ئه‌وکاته‌ی که شه‌هید ده‌بێ. کاک عه‌لی له‌و کادرانه‌ی حیزبه که ئه‌رکی قورسی له‌سه‌ر شان بووه.

به‌ڵێ کاک عه‌لی هه‌ر له ده‌ستپێکی خه‌باتی سیاسیی دا و له هاوینی ساڵی ١٩٨٠ به‌هۆی بۆمبارانی فڕۆکه جه‌نگیه‌کانی کۆماری ئیسلامی بۆ سه‌ر ناوچه‌ی سۆما، له گوندی ئاغچه‌قه‌ڵ به توندی بریندار ده‌بێ که مه‌گه‌ر ئه‌وکه‌سانه بزانن چه‌نده دژوار بووه تا کاک عه‌لی له مه‌رگه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه ژیان. هه‌ر ئه‌وان و به‌تایبه‌تی کاک که‌ریمی برای ده‌توانێ تاریفی ئه‌و هه‌موو دژواریانه بکا که هه‌م خۆیان و هه‌م کاک عه‌لی دیویانه تا برینه‌کانی سارێژ بوونه‌ته‌وه.

لەم ڕا وبۆچوونانەی ئەم چەند هاوڕێیەی کاک عەلی دا دوو لایەن دەبیندرێ:

**یەکەم**: باس لە دڵسۆزی، فیداکاری، سەداقەت، پاکی و ئەخلاقی کاک عەلی دەکرێ لە جەریانی کار و تێکۆشانی حیزبی و جڤاکی دا.

**دووهەم**: ڕەخنەگەلێک لە شێوە و ئەدای مودیرییەت و ئیدارەدانی کاک عەلی دەگیرێ کە ئەوەش پەیوەستە بە کاری حیزبی و لێکدانەوە و زاویەی دیدی هەرکام لە ئەندامانی حیزب کە چلۆن دەڕواننە ئەدای ئیدارەدان.

هیچکام لەو هاوڕێیانە دەستیان نەبردۆتەوە بۆ ئەو خاڵە جەوهەریانەی کەسایەتی و خەبات و تێکۆشانی کاک عەلی کە ئەو سەرکردەیە پێوەی دەناسرا و دەبا بیانکا. بەڵکوو زۆرتر لە سەر شێوە و سەلیقەی ئیدارەدان و جۆری ڕوانینیان ڕەخنەگرانەیە کە خودی کاک عەلیش مودەعیی ئەوە نەبوو کە مودیر و بەرپرسێکی بێ عەیب و ئیرادە.

بەڵام سەرەڕای هەموو بۆچوونەکانمان بە نیسبەت ئەو خەباتکارە ماندووی نەناسە، ئەو وەک ئێمە مرۆڤ بوو، کاری دەکرد، ئەرکی هەبوو، زیندوو بوو. کە مرۆڤیش ئەو لایەنانەی هەبوو بێگومان لە ڕەوتی کار و ئیدارەدان دا ڕەخنە و گاندەشی دێتەوە سەر و زۆریش ئاسایی یە.

لە کۆتاییدا سەری تەعزیم لە هەمبەر کەسایەتی و خەباتی کاک عەلی دا دادەنوێنم وسڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی.

تێبینی: بەداخەوە پەیوەندیم بە چەند هاوڕێیەکەوە کرد و قەوڵیاندا کە ئەوانیش ڕا و بۆچوونی خۆیان بنووسن، کەچی نە ڕای خۆیان نووسی و نە هۆکاریان باس کرد و بێ دەنگەیان تەرجیح دا.

ئامادەکار: کاووس عەزیزی

------------------------------

## سلێمان کەلەشی



پێش هەموو شتێک سوپاس بۆ زەحمەتی ئێوە بەرێز و خەباتکار کاک کاووس، هەر وەها رێز و حورمەت بۆ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان بە گشتی و بۆ شەهید عەلی کاشفپوور بە تایبەتی.

کاک کاووسی هێژا، پێناسە کردنی کەسایەتیی وەک شەهید کاک عەلی کاشفپوور یا هەر خەباتکارێکی وەک ئەو هیندێک زەحمەتە، لە بەر ئەوەی  هەر کەسێک تەنیا لە زاوییەی دیدی خۆیەوە پێناسە دەکا و ڕەنگە نەتوانێ هەموو لایەنی ژیان و خەباتی ئەو کەسە بگێڕێتەوە. ئەوەش بلێم کەس نیە کە کار و خەبات بکا بەڵام بێ هەڵە و کەم و کۆری بێ. کاک عەلیش وەک سەرکردە و خەباتکارێکی مەیدانی خەبات و بەرخودان بۆ ئازادی بێ کەم و کۆری نەبووە.

ئەگەر بمەوێ  پێناسەی کاک عەلیی شۆرشگێر بکەم زۆری دەوێ، بەڵام بە کورتی کاک عەلی کاشفپوور کەسێکی خوێندەوار، بەهەڵوێست و لە هەمان کاتدا سەنبولی سەداقەت و ڕاستگۆیی بوو. ئەو کەسێکی دڵسۆز، ولاتپارێز، فیداکار، خاکی و خەڵکی بوو و کە لە کار و تێکۆشانی خۆیدا زۆر جیدی و توند و تۆڵ بوو. بایەغی زۆری بە "مطالعە" و زانین دەدا و ئووسوول و پرەنسیپ بۆ ئەو زۆر گرینگ بوون. کاک عەلی یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە دەستپێکی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا وەک چیای ئارارات شانی دابووە بەر خەبات و وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ناو بزاو و خەباتی گەلی خۆیی دا دەدرەوشایەوە. ئەو بە زانین و فیداکاریی خۆی لە ماوەیەکی کەم دا توانی ببێتە دوست و هەڤال و هەر وەها هیوای خەڵکی فەقیر و بن دەست و تێنووی ئازادی و سەربەستی.

ناوی کاک عەلیی خەباتکار، ناوێکی ئاشنایە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی و بۆ خەڵکی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی. ئەو رێبەر و کادری رۆژە سەختەکانی خەبات و پێشمەرگەیەکی نەترس و ماندووی نەناس بوو، دەیهەویست شەو و رۆژ کار بکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی. بەڵام مخابن کاک عەلیش وەک زۆربەی رێبەر و خەباتکارانی رێگای ئازادیی کوردستان بە ئامانجەکانی گەلەکەی نەگەیشت و بە شێوەیەکی زۆر نامەردانە بە دەستی تێرۆریستەکانی

کۆماری ئیسلامی لە شاری "قونیا" ی تورکیە شەهید کرا و سەنگەری خەبات و بەرخودانی بە هاوبیر و هاوسەنگەرانی سپارد.

ئەگەر بمەوێ لە نێو تایبەتمەندییەکانی هەڤال عەلی دا بلێم کام تایبەتمەندیی پێشەنگی هەموو تایبەتمەندییەکانی بوو هێندێک زەحمەتە، لە بەر ئەوەی کە ئەو زۆر تایبەتمەندیی بەرز و شۆرشگێرانەی هەبوو، بەلام ئەگەر بلێم بەرزترینیان: باوەڕ بە خۆ بوون، سەداقەت، خەڵکی و خاکی بوونی ئەو گەلێک بەرچاو بوون. ڕاستی کاک عەلی کاشفپوور ئەو هێندە سادق و دلسۆز بوو و هەر بەو سەداقەت و دڵسۆزییەوە دەیهەویست خزمەت بە گەل و نیشتمان بکا، هەتا جاری وا هەبوو لەو سەداقەت و دڵسۆزیی ئەو بە نەرێنی "سو استفادە" ی لێ کراوە

بەڵێ، راستە شەهید عەلی کاشفپووریش وەک زۆر لە رێبەر و خەباتکارانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە کەمتەر خەمیی خۆی تێرۆر کرا. مخابن هەتا ئەمرۆشی لە گەل بێ، ئێمە نەمانتوانیوە خۆمان باش بناسین و بزانین چ باندۆرێکمان هەیە لە سەر خەڵک و بزووتنەوەی کورد. هەمیشە خۆمان بە دەستی کەم گرتووە و هەنگاوێکی ئەوتۆمان نەناوە بۆ خۆ پاراستن لە دوژمن و نەیاران. ئەوەش یەکێک لە هەڵەکانی خەباتگێرانی کوردە لە مێژوو دا. بەڵام دوژمن ئێمەی باشتر لە ئێمە ناسیوە و دەناسێ. هەر بۆیەش دەتوانێ ئاوا بە ئاسانی کەسانی وەک کاک عەلی شەهید بکا. بە داخەوە گەلی کوردیش ئەو کاتە نرخ و بایەغی ئەو کەسانە دەزانێ کە لە مەیدان دا نەماون.

پێش هەموو شتێک دەمهەوێ لەو رۆژە دا رێز و حورمەتی خۆم بنێرم بۆ بنەماڵەی بەرێزی شەهید عەلی کاشفپوور و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادیی کورد و کوردستان. پەیامم لە ٢٨ مین سالرۆژی تێرۆری کاک عەلی کاشفپوور دا ئەوەیە: بۆ هەموو بنەماڵەی شەهیدان، پێش ئەوە کە بزانن ڕۆلەکانیان لە رێزی کام حیزب و پارتییەک دا گیانی خۆیان بەخت کردووە، باش بزانن کە ڕۆلەکانیان لە پێناوی ئازادی و سەربەستیی کوردستان و کورد دا گیانی شیرینی خۆیان بەخت کردووە، ئەو حیزب و پارتییانە تەنیا وەسیلە بوون بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەرز و مەزنە کە ئەویش ئازادیی کوردستانە، کەوایە نابێ بنەماڵەی شەهیدان هیچ کاتێک ئەو ئامانجە بەرز و مەزنە لە بیر بکەن. لە بیر نەکردنی ئەو ئامانجە،لە بیر نەکردنی خوێنی شەهیدانە. بنەمالەی شەهیدان دەتوانن لە هەموو کات و ساتێک دا رۆلی گرینگیان هەبێ بۆ یەکیتیی کوردان، دەبێ ئەوان هەمێشە کلیدی کردنەوەی دەرگا و ئاستەنگەکان بن بۆ گەلی کورد، چوونکی ئەوان نرخێکی گرانبییان لەو پێناوە دا داوە، دەبێ ئەو نرخ و خوێنە بپارێزن. ڕاستی ئەگەر دەمانهەوێ رووحی شەهیدان شاد بکەین، ڕاستی ئەگەر دەمانهەوێ ئامانجیان بەرز و پیرۆز رابگرین، راستی ئەگەر دەمانهەوێ خوێن و فیداکاریی ئەوان بە ئامانج بگا دەبێ لەو هەل ومەرجە دا تەنیا و تەنیا بۆ یەکیتیی ناو مالی کورد هەوڵ بدەن و تێبکۆشن. ئەوە پیرۆزترین کار و ئەرکە دەبێ بنەمالە شەهیدان بە جێی بگەینن. ئەوە شەهیدەکان لە رێزی هەر کام لە حیزب و پارتییەکی دەبن با ببن.

دەبێ بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان ئاوا بێ لایەن نەبن لە هەمبەر ئەو هەموو پرش و بڵاویەی لە ناو هێزەکانی کوردی دا هەیە. ئەوان دەتوانن ئەمڕۆ بە باندۆرترین کەس و لایەن بن لە سەر خەباتی و یەکیتیی کوردانی رۆژهەلات. شەهیدان پێش هەموو کەس و لایەنێک نرخ و تاجی سەری نەتەوەی خۆیانن. دیسان رێز و حورمەت بۆ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان بە گشتی و کاک عەلی کاشفپوور بە تایبەتی.

سڵاو و رێز بۆ گشت ماڵباتی شەهیدان. بە هیوای یەکیتی و سەرکەوتنا کوردستانێ و بە جی هاتنا ئامانجێ شەهیدا.

------------------------------------------------------------

## فەتتاح سەعیدی



ساڵی ١٣٦٥ کاک عەلی کاشفپوور ببۆوە بەرپرسی مەڵبەندی شیمال، من وەک کادری بێسیم کارم لەگەڵی دەکرد. ئەو مرۆڤێکی بە ئەزموون، زانا ، بە بیروباوەڕ، دڵسۆز و لە سەرەخۆ و بەرپرسێکی سادق و دەست و دڵپاک بوو.

هەموومان پێکەوە بە سادقانە و پاکی، و بە ڕووحی هاوکاری خەباتی شاخمان بەڕیوە دەبرد کە هەم لەهەمبەر دڕندەترین دوژمنی نەتەوەکەمان دا ڕاوەستا بووین، هەم لە پێناو ئامانجەکانمان دەستکەوتی زۆرمان بۆ درێژەدەدانی خەباتی نەتەوایەتیمان هەبوو کە کاک عەلی ڕۆڵێکی بەرپرسانەی گرینگی لە خوڵقاندنی ئەو مەیدانە دا هەبوو. هەروەها بە کەمترین ئیمکانات کە بەدەستمانەوە بوو خزمەتمان دەکرد و کەمترین کێشە و گرفتیشمان بۆ حیزب و بزووتنەوە هەبوو.

کاک عەلی وەک بەرپرسێکی جیدیی خەباتکار لە سەرکەوتنی هاوڕێیانی دا شاد و دڵخۆش دەبوو، لە شکست و هەڵەکانیش دا ڕێنوێن و بە مشوور بوو. هاندەر بوو چارەسەری هەڵە و کەم و کوڕییەکان. قەت هەوڵی نەدەدا هەڵە و کەم و کوڕی و تەنانەت شکستی هاوڕێ و هاوکارانی خۆی زەق بکاتەوە و هاوڕێکانی بشکێنێ، بەڵکوو هەوڵی ئەوەی بوو کە هەڵەکان

ڕاست بکرێنەوە و هاندەری سەرکەوتن بن. زۆر جار پێشمەرگەی بانگ دەکرد و سەبارەت بە وەزعی خۆی و بنەماڵەکەی پرسیاری لێ دەکرد، ئەگەر ئیمکان هەبوایە دەستی دەگرت و هاوکاریی دەکرد.

کاک عەلی کادر و پێشمەرگەی هەڵسووڕ و فیداکاری زۆر خۆش دەویست و هەمیشە ڕێزێکی تایبەتی بۆ دادەنان، بۆیەشە ببووە خۆشەویستی ئێمەی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی.

تایبەتمەندییەکی هەرە دیاری کاک عەلی ئەوە بوو کە ئامادە بوو لە پێناو هاوڕێکانی دا تەنانەت گیانی خۆی فیدا بکات و تەنانەت لەو پاکی و سەداقەتەی کاک عەلی کەلکی خراپیش وەردەگیرا و هیندێک دەنگۆی بێ بنەمایان بۆ ساز کردبوو و تا دوا ساتی ژیانی ئازاری پێوە دەکێشا. بەداخەوە سەداقەت و پاکیی کاک عەلی بوو بە بەشێک لە هۆکاری ئەو چارەنووسە ئازار بەخشەی کە تووشی هات.

یاد و ناوی کاک عەلی بۆ هەمیشە لە دڵمان دا زیندووە و سلاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی هاوڕێی شەهیدم کاک عەلی کاشفپوور.

-----------------------

## مەجید حەقی



کاتێک بوومە پێشمەرگە یەکەم جار شەهید عەلی کاشفپوورم لە سنووری نێوان باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانم بینی کە پێشمەرگەکان بەرەو مەقەرەکانی زستانیی خۆیان دەڕۆیشتن. لەوێ نزیک بە ١٠ خولەکێکی لە گەڵ قسە کردم و هەوڵی دا بەهۆی ئەوەی کە کەم تەمەن بووم رازیم بکات بگەڕێمەوە بۆ ناو بنەماڵەکەم. بەڵام کاتێک زانی من ئەندامی حیزب بووم و هاوڕێیانم دەستگیر کراون، ڕێنوێنی هاوڕێیانی کرد تا یارمەتیم بدەن. من بە هۆی ئەوەی کە ئەندامی حیزب بووم لە کۆمیتەی شارستانی ورمێ دەستم بەکار کرد.

یەکەم جار کە نزیک یەک کاتژمێر قسەم لە گەڵیان کرد و قسەکانی تا ئەمرۆشی لەگەل بێ لەسەرم شوێندانەر بوون، پاییزی ساڵی ١٣٦٦ بوو کاتێک لە مەقەرەکانی "بێشە" ژیانمان دەکرد. هەرچەند باسکردن لەو بیرەوەریە ناخۆشە بەڵام بۆ ئەوەی بزانین لە چ قۆناغێکەوە بەو قۆناغە لە رووی کولتووریەوە گەیشتوون باسکردنی بە پێویست دەزانم: من بەر لەوەی بدرێم بە کۆمیتەی شارستانی ورمێ یەکێک لە پەلەکانی لکی یەکی هێزی ئاگری دانرام. لەوێ بەهۆی ئەوەی کە لەرووی جەستەوە کز و لاواز و لەرووی تەمەنەوە منالْ بووم، کرام بە چایچی مقەر. رۆژێک کاتێک خەریکی چایی تێکردن بۆ پێشمەرگەکان بووم، فەرماندەی پەلەکەمان ج. هات و جاشۆلکەکەرێکی لە باوەشی گرتبوو و هێنایە ناو مقەر. روو بە من کرد و وتی: "چایی بۆ باوکی خۆت تێکە!". ئەم هەڵسوکەوتەی فەرماندەمان ئەوەندە وردی کردم کە پێم خۆش بوو لە لایەن رژێمی ئێرانەوە ئێعدام بکردرێم بەڵام هەڵسوکەوتی وا لە مرۆڤێکی شۆرشگێر و پێشمەرگە نەبینم. یەک راست هەڵسام چوومە مەڵبەند و لە گەڵ کاک عەلی بەسەرهاتەکەم گێرایەوە. وتم من لە بەر رێژێمی ئێران هەڵاتووم، هاورێیانی من لە زینداندان و لەوانەیە ئێعدام بکرێن. حەز دەکەم بگەرێمەوە ئێران و ئێعدام بکرێم بەڵام لە ناو فەرهەنگێکی وا دواکەوتوو نەمێنمەوە. کاک عەلی دوای یەک کاتژمێر قسەکردن وتەیەکی پێی وتم کە ئێستاش بۆ من وەک گوارەیە لە گوێدا: "ئێمە کە ئەو رەفتارانە دەبینین، دەبێ دڵمان بۆ گەل و نەتەوەکەمان زۆرتر بسووتێت، چونکە ئەگەر نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگێکی بەرز و باڵا بوایەن، لەوانەیە ئەمرۆ بۆ خودموختاری شەڕمان نەدەکرد. تۆ دەبێ دڵسۆزانەتر هەوڵ بدەی و خۆت پێبگەیەنی بۆ ئەوەی فەرهەنگی وا لە ناو ئێمەدا نەمێنێت". لە سەر بنەمای ئەو ئەزموونەم، کاک عەلی بەبیرمەندێک کە دەردی گەلەکەی و دواکەوتوویی نەتەوەکەی چاک هەست دەکرد دەزانم و هەڵسوکەوتی ئەورۆژی وەک هەڵسوکەوتی مامۆستایەکی بە ئەزموون بوو بۆ کەسێک کە تازە دەستی دەکرد بە رەوتی فێربوونی ژیان و خەبات.

بەداخەوە بەهۆی ئەوەی کە دەرفەتی ناسینی زۆرم نەبوو ناتوانم وەک ئەزموونی خۆم باسی عەلی کاشفپوور بکەم. بێگومان بۆ هەلومەرجی ئەوکات رێبەرێک بوو کە دەیتوانی شوێندانەرییەکی چاکی هەبێت لەسەر دەوروبەری و ئەگەر هەلومەرجی گونجاوی رێکخراوەیی و کۆمەڵایەتی بواری بدایە، دەیتوانی ببێتە یەکێک لە کەسایەتیە بەهێزەکانی کوردستان و شوێندانەر بێت لەسەر گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی و هەڵسوکەوتی عەقڵانیی حیزبی.

دەرسێک کە لە کاشفپوور فێربووم، بیرکردنەوەی هۆیەکانی کەموکۆرییەکان و کێشەکانی ئێمە و هەڵوێست نەگرتنی بەرلە بیرکردنەوە بوو.

---------------------------------------------------

## جەعفەر مەحموودپوور



پێش ئەوەی بچمە سەر وڵامی پرسیارەکان ئیزن دەخوازم سڵاوێکی گەرم بنێرم بۆ گیانی پاکی شەهید کاک عەلی کاشفپوور و هەموو شەهیدانی ڕێی ئازادیی کوردستان و لە هەمبەر گەورەیی ئەوان دا سەری تەعزیم دانەوێنم و بڵێم ڕووحیان شاد و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.

سەرەتا دەمەوێ لە وڵامی پرسیاری یەکەم تان دا بڵێم : بەداخەوە کاک عەلی بەرپرسێکی سەرکەوتوو نەبوو، لەگەڵ ئەوەی لە بەرپرسانی پێش خۆی باشتر و سەرکەوتووتر بوو، لێ لە بەرپرسانی دوای خۆی باشتر و سەرکەوتووتر نەبوو و هۆکاریش زۆرن و لەو بوارەدا ئەگەر نموونە بێنین، نموونە زۆرن و لەم کورتە وڵامانە دا ڕەنگە جێیان نەبێتەوە.هەڵبەت بەدڵنیاییەوە لەوبوارە دا هەڵە و کەم وکوڕیی ئێمەش هەبوون، لێ وەک ئەسڵ کە تەماشا بکەین سەرکەوتن، یان سەرنەکەوتن و باش و خراپی، تەشویق و تەنبیی حیزبێک، ئۆرگانێک، هێزێکی سیاسی - جیڤاکی و تەنانەت دەوڵەتانیش، بەشی پتر وەبەر بەرپرسی یەکەم دەکەوێ.

لەو چەند ساڵەی کە کاک عەلی کاشفپوور بەرپرسی ئەو ئۆرگانە بوو بەداخەوە دەتوانم بڵێم کە وەزعمان لەوپەڕی خەراپی دا بوو و مرۆڤ دەتوانێ دەیان نموونە بێنێتەوە. هەر وەها یەکێک لەو ڕەخنانەی ئەوکات و تا ئێستاش لە کاک عەلی هەیە ئەوەیە کە: بەداخەوە کەمتر ڕەخنەی لە هەمووان وەردەگرت، ئەگەر ڕەخنەی وەرگرتبایە تەنیا لە چەند کەسی دەوروبەری بوو، بۆیە زۆرتر ئەوکەسانەی بە هاوکاری خۆی ەهڵدەبژارد کە ڕەخنەی لێ نەگرن و هەر ئەووەش وای کردبوو کە ئەو کەسانە هەم زەبر لە کەسایەتیی کاک عەلی بدەن هەم زۆرجار تووشی بڕیاری نادروست بکەن کە لێرە دا ڕەنگە جێی گوتنینا نەبێ. بەکورتی کاک عەلی لە دیاری کردنی هاوکارەکانی دا کەسانێکی هەڵدەبژارد کە ڕەخنەیەکی زۆریان دەهێنایە سەر خۆی. ئەوەش دەکەوێتەوە خانەی زەعفی مودیریەتی کاک عەلی کە هۆکاری کێشەکانی ئەوکاتی مەڵبەندی شیمالیش هەر ئەو زەعفە گەورانە بوون کەلە ئۆرگانی ئەسڵی واتە مەڵبەند ڕا دەهاتنە خوار کە لەمەش دا نموونە زۆرن.

ڕەفتاری کاک عەلی لەگەڵ کادر و پێشمەرگەش بەسترابووە بە تەڕەفی موقابیل. بەڵام بەدڵنیاییەوە من وەک خۆم قەت نەمدی کە کاک عەلی قسەیەکی خەراپ، یان ڕەفتارێکی نەشیاو.... لەگەڵ کادر و پێسمەرگەیەک بکا.بەڵام ئەوەیان هەبوو کە ئەگەر کەسێکی بە دڵ نەبوویایە، یان خۆشی نەویستایە لە حیزب دەری دەکرد وەک حەسەن بازووکە، فەرامەرز عوسمانی، یان وەک حاجی جوندی نەقڵی شوێنێکی دیکەی دەکرد، یان وەک قاسم شیردل و عوسمان عەدۆ دەیکردن بە تەداروکاتچی، هی وەک مەدەنی و سەید ئیسلامی دەکردە کادری تەشکیلاتی.

بە نیسبەت پێشمەرگە بریندارەکان من نازانم کاک عەلی هەربۆ من کە لە دەورانی ئەودا برینداریکی سەخت بووم وابووە یان بۆ هەموو برینداره‌کان؟ لەم بەشەدا قسەیەک نیە بۆ گوتن و دەربڕینی دڵسۆزی و بە دەنگەوە چوونی کاک عەلی بە نیسبەت بریندارانی پێشمەرگە. هەتا بڵێی لەگەڵ بریندارانی میهرەبان و نەرم و نیان بوو، بە پێی ئیمکاناتێک کە لەبەردەستی بوو هاوکاریی هەموو بوارێکی دەکردن کە بەڕاستی قەتی لە بیر ناکەم.

بە نیسبەت دواین پرسیارتان دا دەبێ ئەوە بڵێم: سەرەڕای هەموو ڕەخنە و گلەییەک لە کەم و کۆڕییەکانی بەرپرسایەتیی کاک عەلی، ئەو کەسێک بوو کە ڕەفتار و هەڵس و کەوتی لەگەڵ خەڵک هەتا بلێی باش بوو، یەکجار زۆر ڕێزی لە خەڵک دەگرت، هەستان و دانیشتنی لە نێو خەڵک دا نموونە بوو، بە تایبەتی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان یەکجار سەمیمی و ڕووخۆش بوو، هیندە ڕیزی لە بنەماڵەی شەهیدان دەگرت تا ئەو بنەماڵانە هەست ەب خۆشحاڵی بکەن. من نەمدیت کە کاک عەلی جارێک دڵی یەک کەسی خەڵک بشکێنێ یان لێی تووڕەبێ.

تایبەتمەندییەکی هەرە دیاری کاک عەلی دەست پاکی، داوێن پاکی، ئەخلاقی پاک و خاوێنی ئەو بوو کەلە شانازییەکانی مرۆڤی شۆڕشگێڕن.

لە کۆتاییدا جارێکی تر سەری تەعزیم لە هەمبەر گیانی پاکی کاک عەلی کاشفپوور و هەموو شەهیدانی کوردستان دا نەوی دەکەم دەڵێم ڕووحی شەهیدان شاد یادی کاک عەلی هەردەم لەلامان زیندووە.

سوپاس بۆ زەحمەتەکانی ئێوەش لە ماڵپەڕی پێشمەرگەکان

---------------------------------------------------------------

## فەرهاد میرۆزادە



ئەگەر زۆر بە کورتی و لە چەند پەیڤ دا باسی کاک عەلی کاشفپوور بکەم ئاوا دەڵێم:

کاک عەلی یەکێک لەو کەسانە بوو کە زانکۆی بەجێ هێشت و خەبات لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەکەی لە پێشمەرگایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا کردە زانکۆیەکی کردەیی. بۆیە هەر زوو توانی ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لەو خەباتە دا نیشان بدا و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بوو بە کادرێکی خۆشناو، جێی متمانەی خەڵک و حیزب و بەرپرسێکی شۆڕشگێری جیدی. ئەو مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتیی بەرز، بەئەخلاق، جڤاکی و تێکۆشەر، هێمن و یارویاوەری خەڵک وپێشمەرگە بوو. بە شەهید کرانی کاک عەلی کاشفپوور بزاڤی کورد و حیزبی دێمۆکرات کادرێکی لێهاتوو و بە ئەزموونی خۆی لە دەست دا و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لاوێکی دڵسۆزی خوێندەوار و سەرمایەیەکی عەزیمی خۆی.

ڕووحی کاک عەلی و هەموو شەهیدانی کوردستان شاد

-----------------------------------------------------------

## ئەنوەر کۆهەنساڵ




ساختاری ئەوکاتی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات لە ژێر چەتری فەرهەنگی کۆنی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتیدا بوو. دەسەڵاتداران و پێشڕەوانی ئەو کاتی شۆرش لە هەرێم دا بە گشتی بنەماڵەی ئاغاکان و خاوەن مڵکەکان بوون.

هەرچەند جێگایی شانازی یە کە ئەم جۆرە کەسانەش لە گەل کۆمەلانی فەقیر وهەژاری خەڵک ئامادەی بەرخودان و خەبات بوون بە دژی رێژیمی کۆنەپەرستی خمینی کە تازە جڵەوی دەسەلاتی بەدەستەوە دەگرت، بەلام بەشی هەرە زۆری فیداکاری لە لایەن چینی هەژار و چینی خوارەوەی خەڵکی باکوری ڕۆژهەلاتی وڵات بوون، عەلی کاشفپوور کەلە دایک بوویی ماڵباتێکی ناونجی و نە ئەوندە دەوڵەمەند بوو و تەنانەت بە پێی پێکهاتەی عەشایەریش بێ سەر بە عەشیرەیەکی گەورە و پڕ نفووز نەبوون، بەلام سەرەڕای ئەوەش کاک عەلی زۆر زوو توانی بە کار و تێکۆشانی خۆی ببێتەوە جێی متمانە و خۆشەویستی خەڵکی دەڤەر و سەرکردایەتیی ئەوکات حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بە تایبەتی کاک دوکتۆر قاسملووی ڕێبەر.

لە راستی دا ناسراویی کاک عەلی کاشفپوور و خۆشەویستیی ئەو لە نیو جەماوەری شیمالی کوردستان دا بەشی یەکەم و دەست پێکی دەگەرێتەوە بۆ ناسنامەی بنەماڵەیی خودی کاک عەلی لەو هەرێمە دا تا ناسراو بوون و لێهاتوویی کاک عەلی یەکی گەنجی تازە پێگەیشتوو لە هەرێم دا.

بە تایبەتی پشتیوانی و ئەسپاردنی ئەرک و ڕۆل بەو گەنجە زۆرتر لە لایەن شەخسی کاک د. قاسملوو بوو کە توانی خێرایی بدا بە ناسران و خۆشەویستیی کاک عەلیلەم دەڤەرە دا کە دواتر ڕۆڵێکی گرینگی بینی لە کار و خەبات دا.

من پیش ئەوەی کە بە ئاوایەکی ئاشکەرا لە زستانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی ببم بە پێشمەرگە لە نێو کۆڕی دۆستان وهاوبیران لە ریزی حیزب دا، گەلێک جار نێو ونێوبانگی کاک عەلی کاشفپوور م گوێ لێ ببوو. هەم لە بنەماڵەدا و

هەمیش لە نێو کۆمەلانی خەلکی باکوری رۆژهەلاتی کوردستان کە کاک عەلی خەلکی گۆندی هووەسن لە ناوچەیی سۆما کادریکی لێهاتوو و لایەنگری خەلکی زەحمەتکیش و لە بنەماڵەیەکی هاوشێوەیی بەشی زۆری خەلکی هەرێمە بیستبوو.

کە من بووم بە پیشمەرگە بەرپرسی یەکەم لە هەرێمی شیمال کاک جهانگیر اسماعیل زادە بوو. کاک جهانگیر لە بنەمالەیەکی ناسراو و دەست رۆیشتوویی ناوچەکانی شیمال بوو و هەمووکەس لانی کەم بە ناو و ناوبانگ کاک جهانگیر وبنەماڵەکەیانی دەناسی، بەتایبەتی لەو سەردەمیدا خویندەواری وەک ئیستا لە هەریم دا زۆر نەبوو، کەچی ناوبراو مهندس کشاورزی بوو.

کاک جهانگیر ڕەفتارێکی زۆر باش و خەڵکی وخاکی هەم لەگەل کۆمەلانی خەلکی هەرێم هەبوو و هەمیش تا بلیئ کەسێکی هێمن، ئارام، لەسەرەخۆ و بە ڕەفتاری دروست بوو لەگەل کادر وپیشمەرگە و بە کورتی شێوەیی بەڕێوەبردنی باشی کاری حیزبی و خەڵکی هەبوو.

دوایی ئەوەی کە کاک جهانگیر بەرەو هەندەران چوو، کاک عەلی وەک بەرپرسی یەکەمی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات مەسئولیەتی سیاسی و نیزامیی هەرێمی بە ئەستۆوە گرت. لە ماوەیەکی گەلێک کورت دا ناڕەزایەتی و ئیختلافی شێوەیی کار کردن وبەڕێوەبەریی نێوان کاک عەلی وکادرەکانی کۆمیتەی ئاڕاڕات و فەرماندەرانی دوو هێزی، شەهید سەرگوردعەبباسی و هێزی شەهید سەروان حاتەم دەستی پێکرد و جەوی بێ متمانەیی ئەوەندە قووڵ بوو کە هیندەی نەمابوو نەتیجەیی خراپتری لێ بکەوێتەوە. هۆکارێکی سەرەکیش ئەوەبوو کە کێشەکان پێشتر هەبوون و چارەسەر نەکرابوون بۆیە تەقینەوەکەیان کەوتە زەمانی بەرپرسایەتیی کاک عەلی. ئەو کەسی یەکەمی بەرپرسی حیزب بوو لەو ئۆرگانە، بەڵام جاری واش هەبووە کە هاوڕێیەک یان چەند هاوڕێ لە سەداقەت و پاکیی کاک عەلی کەلکیان وەردەگرت و بڕیارەکان و ئەرکەکانیان بە گوێرەی ویستی خۆیان دابەزاندبێ کە ئەویش دەبووە ڕەخنە لەسەر کاک عەلی وەک بەرپرسی یەکەم.


بەهاری سالی ١٣٦٥ کە سازماندەهییەکی نوێ لە حیزب دا هاتە پیش وگۆرانکاریەکی بنەڕەتی بەسەردا هات، هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات بوو بە یەک هێزی نیزامی بە ناوی هێزی ئاگری و دوو کۆمیتەی شارستانی ورمێ و سەڵماس و کاک عەلی بووبە بەرپرسی یەکەم. ئیختلافەکان هەر لە رۆژی یەکەم ژێر بەرپرسایەتیی کاک عەلی دا دەستیان پێکرد و تا کۆتایی سال ١٣٦٦ هەر درێژەی هەبوو و بەداخەوە پردی ئعتیمادێک کەدەبا دروست بکرێ دروست نەببوو کە شایەنی کاری حیزبی و شۆرشگیری بێ و سەد مخابن گیرو گرفتیکی زۆر ناخۆشیش بە دوای خۆیی دا هەبوو کە ڕەنگە باس کردنی هەموویان ئێستاش تەنیا دژمن مفاهی لێی وەرگرێ.

لە ٢٨مین سالڤەگەری تێرۆری کاک عەلی دا خەمباری و داخی لەدەست دانی کاک عەلی وەک کەسێکی کە هەموو ژیانی خۆیی کردە فیدایی ڕزگاریی گەلەکەی و ئازادی بۆ مرۆڤ سەری خۆم لە هەمبەر خەبات و تێکۆشانی کاک عەلی وهەموو گیان فیدایانی خەڵکی کورد بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ولات بە خاسمایی دەچەمێنم و لەسەر تێرۆری کاک عەلی زۆر داستان و چیرۆک هەن کە سەد مخابن تا ئێستاش نادیارن و هیوادام رۆژێک بێ کە قاتلان و تاوانبارانی خوێنی کاک عەلی دیاری بکرێن، بەلام ئەوەی کە ڕێژیمی تێرۆریستی ئاخوندی دەستی لە تێرۆری ناجوامێرانە و ترسنۆکانەی کاک عەلی دا هەبۆوە نابێ هیچ کام لە ئێمە وەک هاوبیران و بنەماڵەیی ڕێزداری کاک عەلی گومانی هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---------------------------------------------------------------

## یادێک لە عەلی کاشفپوور، لە ٢٣ ساڵەی شەهید بوونیدا



**ڕەحیم محەممەدزادە**

بیست و سێ ساڵ لە مەوبەر لە١٥ی ئاگۆستی ١٩٩٠ دا تێکۆشەری ناوداری گەلەکەمان کاک عەلی کاشفپوور بە پێی بەرنامەی دارێژراو لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشێوەیەکی دڕندانە لەشاری" کۆنیەی" تورکیە تیرۆر کرا و گیانی فیدای ئازادی گەل و نیشتمان کرد.

ئەوە راستە کە شەهید عەلی زادەی ناوچەیەک بوو کە سەرچاوە و لانکەی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد بوو و بەشێک لە شۆڕشە هەرە مەزنەکانی وەک شۆڕشی شێخ عوبەیدیلای نەهری، ڕاپەڕینی ئاگری و ڕاپەڕینی سمایل ئاغای شکاک، بە مەودای کاتیی و مەکانی نە زۆر دوور لەیەکتر، هەر لەو دەڤەرە سەریان هەڵدابوو.

ئاگری خەبات لەو دەڤەرە بە ڕواڵەت وادەهاتە بەرچاو کە ئەگەر کاتییش بێ لە کڵپە کەوتووە، بەڵام لە پاشان دەرکەوت کە ژیلەمۆی ئەو خەباتە بەرحەق و سەرکوت کراوانە، چاوەڕێی هەلی پێویست و مەردی مەیدانی خەبات بوون.

لە مەڵبەندی خەباتی کاک عەلی بۆ بوون بە سەری نێو سەران تەنیا ئامادەی هەل و مەرجی خەبات و پڕ هیوا بوونی چاوی چاوەڕووانییەکان و شۆڕشگێر و خەباتکار بوون بەس نەبوو، بەڵکوو بۆ دیار بوون پێویستیت بە زۆر شتی دیکەی وەک ناوناوبانگی بەرزی بنەماڵەیی وکوڕە خان و میر بوونیش بوو تا بتوانی وەک کەسایەتی بەرچاوی سیاسی و نەتەوەیی لە کۆمەڵگادا هەڵسوو کەوت بکەی.

شەهید عەلی هەرچەند نە کوڕە خان و سەرۆک بوو و نە ناو و ناوبانگی بەرزی بنەماڵەیی پشتیوانی بوو، بەڵام بە پشتبەستن بە جەوهەری دەروونی، لێهاتوویی، گەلیی و خاکەڕایی، خۆ نەویستی، کوردستانی بوون و زۆر فاکتەری دیکە بوو بە کادر و ڕێبەرێکی سیاسی جێگای باوەڕ نە تەنیا لە دەڤەری هەستیاری"شیمالی کوردستان" ئەو جۆرەی ئەو کات باو بوو بەڵکوو بوو بە سەرمەشقی خەباتکاریی بۆ تێکۆشەرانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش.

گەیشتنی شەهید عەلی بە پلە بەرزەکانی سیاسی، تەشکیلاتی لەو دەڤەرەدا لە پێش هەموو شتێکدا شکاندنی تابۆی" تایبەت" بوونی ئەو پلە و پایانە بە ژمارەیەکی ناسراو لە کەسایەتییەکانی ناوچە بە تایبەتمەندییە تایبەتییەکانیانەوە بوو و ڕچە شکێنی ڕێگای پڕ بەستەڵەکی بیر کردنەوەی ئەو، دژی نۆرمە باو و تایبەتییەکان بوو. گەیشتنی شەهید عەلی بە پلەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو ڕێگایەی بۆ زۆر گەنجی خەباتکار و لە خۆ بووردووی ئەو ناوچەیە خۆش کرد کە خۆیان لە کادری ڕێبەری سەرکردایەتی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ببیننەوە.

بە پێی سروشت کاک عەلی لە کۆمەڵگایەکدا هاتە مەیدانی خەبات کە لێهاتوویی مرۆڤەکان لەو کۆمەڵگایەدا بە پێوانە و چەند و چۆنی نیزیکی و گرێدراوی عەشیرەتی هەڵدەسەنگێندران، بەڵام پێوانەی باو لای کاک عەلی بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی، دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان و بە چاوی یەکسان ڕوانین لە مرۆڤەکان بوو.

عەلی ئەو خوێندکارە خوێن گەرم و شورشگێڕە بوو کە بە مەبەستی خەبات بۆ ڕزگاری گەل و نیشتمان، خوێندن لە دانیشگا و داهاتووی ڕوونی شەخسی خۆی فیدای ڕزگاریی گەل و نیشتمان کرد و لەو پێناوەدا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەکرد.

شەهید عەلی و دەستە براکانی هاوبیری، نە تەنیا خەباتکاری نەسرەوتووی مەیدانی دەستەبەر کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەو سەردەمە دابوون، بەڵکوو هاوکاتیش مەشغەڵداری هەڵمەتێکی بەرینی ڕۆشنگەریی دژی

